کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14:38 21-4-2007

**بەڕێز (خەرامان محمد) بەرپرسی ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکان لە لێدوانێکی تەلەفۆنیدا بۆ سایتی (IWPR) ی بریتانی ڕاوبۆچونی خوشکانی ڕوون کردەوە سەبارەت بەپڕۆژە بڕیاری قەدەغەکردنی (چەند ژنە) کە لە لایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتانو ژنانەوە دراوەتە پەرلەمان.**

بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە مەسەلەی قەدەغەکردنی چەند ژنە هێشتا لە پێشنیارو تاوتوێی ڕێکخراوەکاندایە بەتایبەت علمانیەکان.



سەبارەت بە بۆچوونی ئێمە وەك یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان نە لەگەڵ ڕەهاکردنی تەواوداینو نە لەگەڵ قەدەغەکردنی تەواوداین بەڵکو لەگەڵ سنوردارکردنو مەرجدارکردنیداین، چونکە قەدەغەکردنی تەواو دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی تری ناشیاو کە قوربانی یەکەم تیایدا ئافرەتەو دیسان ئەوەش لە بەرژەوەندی پیاواندایە، وەك بەستنی پەیوەندی لە دەرەوەی خێزانو لە دەرەوەی چوار چێوەیەکی شەرعیو یاسایی کە سەرئەنجام ئەو ژنو منداڵانەش کە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندیەش دێنە ئاراوە هیچ مافێکی کۆمەڵایەتیو ئابوریو یاساییان دیار نابێت.

ئێمە ئەو بۆ چونە ئیسلامیەمان هەیە کە ئەێڵی پێکەوەنانی خێزان یەك ژنەیە خۆمان دەزانینو نکوڵیش لەوە ناکرێت لە حاڵەتی چەند ژنەدا هەندێك کێشەی دەرونیو کۆمەڵایەتیو شتی دیکەش بۆ ژنو منداڵەکان سەر هەڵ دەدەن ئەمانە و جگە لەوەش کە قەدەغەکردنی تەواوی ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق کە مایەی سەرگەردانی ژنانو مناڵانیشە.

بەڕێزیان ئاماژەیان بەوەشدا کەلە وولاتانی تری وەك تونس قەدەغە کردنی چەند ژنە پیادەکراوەو نەبۆتە هۆی کۆتایی هێنانی بەدیاردە نەشیاوەکانی وەك خیانەتی هاوسەرێتیو بەستنی پەیوەندی لە دەرەوەی خێزان.

چەند ژنە لە ئیسلامدا وەك دەرمانی چارەسەرێك دانراوە کە لە حاڵەتی ئەو پەڕی پێویستیدا پەنای بۆ دەبرێت ئەویش بە چەند مەرجێكو سنورێکی گونجاو، نەك لە حاڵتی خۆشیو نەبوونی هیچ کێشەیەکدا، جگە لەوەی لە ئیسلامدا حاکم دەتوانێت خۆی پێویستیەکە هەڵ سەنگێنێت و بڕیار بدات ئەگەر وانەبوو حاکمەکە ئەتوانێ هەڵی پەسێرێ (تعلیقی بکات)، ئەو هەڵپەسانەش لە ڕێی لیژنەی پسپۆڕو دڵسۆزەوە بێت، جگە لەوەش ئافرەت لە کاتی گرێ بەستی هاوسەرێتیدا دەتوانێت مەرج دابنێ کە هاوسەرەکەی هەر گیز ژنێکی تر نەهێنێ.

وەك ئاماژەم پێکرد ئەوەندە ئێمە دەیبینین ئەو مەسەلەیە لە حاڵتدا ماوەتەوەو دیاردە نیە وەك ئامارەکان دیاریان کردووە:- بۆ نموونە

* شێخی شعراوی لە یەکێك لە کتێبەکانیدا ئاماژەی پێ دەکات دەڵێت ((بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی باوەڕ پێکراو دەرکەوتووە کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەوانەی کە دوو ژنیان هەیە ڕێژەیان لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

3% یە وە ئەوانەی سێ ژنیان هەیە یەك لە هەزارن وە ئەوانەی کە چوار ژنیان هەیە یەك لە پێنج هەزارن)) .

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سنوری حاڵەتدا ماوەتەوە پێمان باشە بە یاسای تایبەت ڕێك بخرێتو بەرژەوەندی ژنانی تیادا ڕەچاو بکرێت نەك تەنها لە بەرژەوەندی پیاواندا بێت، لەبەرئەوەی لە بنەڕتیشدا لە ئیسلامدا بۆ چارەسەری هەندێك حاڵەتو کێشەی کۆمەڵایەتی دانراوە { نە لە بازنەی واجب دایە وەنەلە بازنەی حەرامدایە بەڵکو لە بازنەی ڕێپێدراوەکندایە (موباح) ئەویش بە مەرجەوە}. بە هیچ جۆرێك ناکرێت بخرێتە بازنەی حەرامو قەدەغەکراوەکانەوە لەبەرئەوەی قەدەغەکردنی تەواو دیسان قوربانی یەکم تیایدا ئافرەتە چونکە پەیوەندیەکان بەنهێنی دەبەسترێنو ئەنجامەکەشی کۆمەڵێك ئافرەتی شکست خواردوو دەروون شێواو کۆمەڵێ منداڵی ناشەرعیو بێ سەرپەرشتی لێ پەیدا ئەبێت وەئێمەش لەم ڕوانگەیەوە پرۆژە بڕیاری خۆمان داوە بە لیژنەی ژنانی پەرلەمانو لە ڕۆژنامەو هۆکارەکانی تری ڕاگەیندنیشدا بلاومان کردۆتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.